## بەڵگەنامە پێویستییەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی + ماستەر

١. بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).

٢. ڕەگەزنامە (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

٣. ناسنامەی باری شارستانی ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

٤. کارتی زانیاری ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

٥. کارتی نیشتیمانی (لە کاتی هەبوونی کارتی نیشتیمانی ئەوا پێویست بە بەڵگەنامەکانی خاڵی (٢+٣)ی سەرەوە ناکات ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

**تێبینی**/ وێنەی رەسەنی بەڵگەنامەی خاڵی (٢+٣+٤+٥)ی سەرەوە تەنها بۆ بینین و بەراوردکردنە لەگەڵ وێنەی کۆپیکراو لە لایەن فەرمانبەر پەیوەندیدار لە زانکۆ، دوای بەراوردکردن راستەوخۆ دەدرێتەوە بە پێشکەشکار.

٦. چوار وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی بچووک.

٧. فۆرمی پێشکەشکردن (١ دانە ڕەسەن + دوو دانە کۆپی).

٨. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەیە) وەکو (IELTS) یان (TOEFL-iBT) یان (TOEFL-PBT) یان ( Pearson Academic-PTE)ی یاخود بڕوانامەی خولی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان کە لە ساڵی (٢٠١٩) بە دواوە بەخشراون (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی رەنگاو ڕەنگ).

٩. پسوولەی دارایی بە بڕی (١٥٠.٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی هاوپێچ بکرێت کە ناگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکار.

١٠. بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراو لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتەکان یان داموودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ پێویستە نووسراوی فەرمی لارینەبوون (عدم ممانعة) + پوختە راژە لە وەزارەتەکەی یاخود دامەزراوەکەی بە واژۆی بەرێز وەزیر یاخود بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکەی کە دەسەڵاتی پێدراوە بهێنێت لە کاتی پێشکەشکردن کە تیایدا ئەم دەقە نووسرابێت (وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی یاخود فەرمانگەکەی لاری نییە کە بەرێز (.........) بە ناونیشانی وەزیفی (.....) پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی یان ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بکات و لە کاتی وەرگیرانی ئامادەیە مۆڵەتی خوێندنی پێ بدات بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام**)**.

١١. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون بە شێوەی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و داموودەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، ئەوا پێویستە بەڵێننامە لە لایەن پێشکەشکار لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕبکرێتەوە و تیایدا ئەم دەقە نووسرابێت :-

(من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە دانەمەزراوم بە شێوەی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامووەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، بە پێچەوانەوە لە کاتی ئاشکرابوونی کە ئەگەر فەرمانبەر یان کارمەند بم لە هەر وەزارەتێک یان دامووەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان یان عێراقی فیدراڵ، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسرِێتەوە و رێککاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتە بەر).

١٢. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار خوێندنی بەکالۆریۆسی لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراقی تەواو کردبێت، ئەوا پێویستە بریاری یەکسانکردنی بروانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و هەروەها فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانی سەبارەت بە دەرهێنانی کۆنمرەی بەکالۆریۆس بە سیستمی عێراقی هاوپێچ بکات.

١٣. گشت پێشکەشکاران پێویستە بەڵێننامە لە لە (بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدەن و بەم شێوەیەی خوارەوە:

من کە ناوم لە خوارەوە نووسراوە و واژووم کردووە، **<u>بەڵێن دەدەم:</u>**

**أ-** تا ئێستا لە خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر* لە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوم و لە هیچ زەمالەیەکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ناوم دەرنەچووە.

**ب-** سرینەوەی ناو (ترقین قید)م بۆ نەکراوە لە خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا و ماستەر* لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.

**ج-** هەمووە ئەو زانیاریانەی لە فۆرمی پێشکەشکردن پرِم کردۆتەوە زانیاری راست و دروستن و ئەگەر زانیاری نادروستم نووسیبێت ، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسرێتەوە و رێککاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتەبەر بە پێی یاسا و رێنماییەکان ، بۆیە لە خوارەوە واژۆم کرد.

* تەنها ئەو خوێندنە بنووسرێت کە پێشکەشی دەکەیت نەوەك هەر دوو جۆری خوێندن.